## لوقمان غەریب:

# کێشەکانی ساڵانی شەست و حەفتاکان گۆڕانکارییان بەسەردا نەهاتووە، بۆیە باسکردنیان پێویستە

**لە زنجیرە درامای (رەیحانە)ـەوە تا دەگاتە فیلمی (دانیشتووانی عەلیاوە) لوقمان غەریب بەردەوامە لە پێشکەشکردنی رووبەکی شاراوە و نەبینراوی ژیانی کوردەواری لە ساڵانی چل تا شەستەکانی سەدەی رابردوو و نیشـــاندانی ئەو کێشە و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییانەی ئەو سەردەمە، بەتایبەتی لە شاری سلێمانی، بە جۆرێك کە بینەری ئێستا خۆی لە نێو ئەم بەسەرهاتانەدا بدۆزێتەوە کە بەراوردکردنیان لەگەڵ کێشە و گرفتەکانی ئێستای بۆ زۆر سانا دەبێت. ئێستا لوقمان غەریب خۆی بۆ کارێکی دیکە ئامادە دەکات کە بە هەمان نەفەسی پێشووی باس لە قۆناغێکی دیکەی ژیانی کوردەواری دەکات. لەم دیمانەیەشدا سەبارەت بەو کارە نوێیەی کە بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستی پێبکات، هەروەها لەبارەی چەند پرســێکی دیکەی تایبەت بە ژیانی ئەو هونەرمەندە، بەم شــێوەیە وەڵامی داینەوە.**



**• ( دانیشـــتووانی عەلیاوە) چی بەســـەرهات و بە کوێ گەیشت؟**

- دانیشتووانی عەلیاوا قۆناغی وێنەگرتن و مۆنتاژی تەواو بووە و تەنیا تایتڵ و موزیکی ماوە، لە راســـتیدا ئەم فیلمە یەکێکە لەو چوار بەرهەمەی کە وەك پرۆژەی بەرهەمهێنانی چەند فیلمێکی درێژ کە ناوەندی (گاف) بۆ بەرهەمهێنانی کاری تەلەفزیۆنی و سینەمایی کوردی ئەنجامی دەدات.

**• لە چ کەناڵێك پەخش دەکرێ؟**

- بڕیـــار وایـــە وەك هەفتەیـــەك بۆ فیلمی کـــوردی ئەم بەرهەمانە لە پاش قۆناغی بەرهەمهێنانیان لە شـــارەکانی هەرێمی کوردســـتان و کەرکووك نمایش بکرێن، رەنگە تەنیا یـــەك کەناڵیش نەبێت، بەڵکو لە چەند کەناڵێکدا پەخشـــ بکەین .

**• بیســـتوومانە خەریکی فیلمێکی تـــری، دەکرێ چەند زانیارییەکمان پێ بدەی دەربارەی ســـیناریۆی، ماوەکەی، ئەکتەرەکان کێ دەبن ؟**

- ئێســـتا هەر لە چوارچێـــوەی ئەو پرۆژەیـــەی ناوەندی (گاف)، سەرقاڵی بەرهەمهێنانی فیلمی دووەمین بە ناوی (ســـەگەکانی رەزا بەگ) کە ئێستا لە سەرەتای قۆناغی بەرهەمهێنان و ئامادەکاریداین و بەرنامەمان داناوە کە لە دوا رۆژەکانی ئەم مانگە دەســـت بە قۆناغی وێنەگرتن بکەین، فیلمی (سەگەکانی رەزا بەگ) سیناریۆ و دەرهێنانی خۆم و نواندنـــی هونەرمەندان عەبدولـــی حەمە جوان و مەریوان برایم و عەلی کەریم و کەمال چالاك و شیبا وسارا و مەروا و ئـــاواز و چەند ئەکتەرێکی تره، لەم فیلمەدا ١٩ ئەکتەری ســـەرەکیی بەشـــداری دەکەن جگە لە ٤٠٠ ئەکتەری دیکە وەك کۆمبارس.

**• بۆچی رووت لە باســـکردن و زیندووکردنەوەی کێشـــە کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکانی ساڵانی شەست و حەفتاکان کردووە؟**

- چونکە ئەو کێشـــانەی ئەو رۆژگارە ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت بەردەوامن و کۆمەڵگەی کوردەواری لە رووی ئاکاری کۆمەڵایەتییـــەوە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەســـەردا نەهاتووە، تەنانـــەت لـــە هەندێك حاڵەتـــدا بـــەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، لەلایەکی تریش کە زۆر جار باســـمان کردووە، ئەوەیە کە بۆ خۆی گەڕانەوە بۆ دواوە جۆرە چێژێك بە بینەر دەبەخشـــێت و زیاتر ئاوێتەی بەرهەمەکە دەبێت.

**• بیـــرت لە کارێکی هونـــەری نەکردۆتەوە کە بـــاس لە مێژووی ٢٠ -٣٠ ســـاڵی رابردووی کوردستان بکات؟**

- بێگومان پاش کۆتایی هاتنی ئەم فیلمە (سەگەکانی رەزا بەگ) سیناریۆیەکمان ئامادەیە بەنـــاوی (ئەوین لە ژێر باڵی تاریکیدا) کە درامایەکی ٣٠ ئەڵقەییە










و باسی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەکات لەرووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەم درامایەش خوێندنەوەمان بۆ کردووە و ماوە بەرهەم بهێندرێت.

*** دوای ئـــەم فیلمانە بیر لە دووبـــارە گەڕانەوە بۆ دراما ناکەیتەوە؟**

- وەك باسم کرد لەگەڵ کۆتایی هاتنی پرۆژەی فیلمەکان دەســـت بە بەرهەمهێنانی ئەو زنجیرە درامایەش دەکەین کە بە ناوی (ئەوین لەژێر باڵی تاریکیدا)یە.

*** ئێوەی ســـینەماکار و ئەکتەر و دەرهێنەر ئەرکی خۆتان چۆن دەبینن بەرامبەر بەو رووداوانەی کە ئێستا رووبەرووی کوردستان بوونەتەوە بەتایبەتی شەڕی داعش؟**

- ئەرکی هونەرمەند و دەستەبژێری لەم قۆناغەدا ئەرکێکی هەستیارە، چونکە هونەرمەندان پێگەیەکی کاریگەریان هەیە لە کۆمەڵگەدا، دڵنیام هونەرمەندان لە ناسکی و هەستیاری ئەم قۆناغە باش تێدەگەن کە دووچاری شەڕێکی گەورەی تیرۆری جیهانی بووینەتـــەوە و لە چەندین لاوە بە جۆرەها شـــێواز فشار و بۆ ســـەر هەرێم و ئەزموونەکەمان درووست دەکرێت، ئەگەر تێبینیتان کردبێت لە ئاست کێشە و گرفتە ناوخۆییەکاندا تا رادەیەکـــی زۆر بێدەنگیمان هەڵبژاردووە، ئەگەرچـــی جارجار بە زەقـــی ناهەقی و ناتەندروســـتی هەڵوێســـتەکان دەبینین ناتوانیـــن و ناتوانین ئەم بێدەنگییە بشکێنین، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکدا کەسانی دەستەبژێری نـــاو کۆمەڵگـــە و لە نێوانیانـــدا هونەرمەندان، پێویســـتە زیاتر و بەرپرســـانەتر لە ئاســـت هەر هەوڵێك بوەستنەوە کە ئەزموونی کوردستان تووشی قەیران دەکات و زیاتر ئاڵۆزتر و گەورەتـــری بکات. هەرچەنـــدە ئێمە دڵنیاین کە دوا جار ئەم کێشـــە و قەیرانانەش کۆتاییان دێت، چونکە دڵنیاین لە ئیرادەی میللەتەکەمان دژی ئەم شـــەڕ و پیلان و قەیرانانە و دڵســـۆزی و زیرەکی و حیکمەتی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان لە ئاست ئەم گرفتانەی کە بەرۆکی کوردستانیان گرتووە.

*** گۆرانیبێژان و موزیسیانانی کوردستان تا ئێستا چەندین بەرهەمی تاك و بە کۆمەڵیان پێشکەش بە پێشمەرگە کردووە، ئێوە وەك ســـینەماکار و ئەکتەران بیرتـــان لە بەرهەمێکی سینەمایی، یان تەلەفزیۆنی فراوان نەکردۆتەوە کە گشتگیر بێت و لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە باس لە ئەمڕۆی کوردستان بکات؟**

- لە راســـتیدا بیر لە کارێکی وا گـــەورە کراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە هۆکارەکانـــی بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی هونەری گەورە و لەم جۆرە لە ئێســـتادا فەراهەم ناکرێت و رەنگە لە بەر دەســـتدا نەبێت، بەڵام ئومێـــدەوارم دوای کۆتاییهاتن و چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری و گرفتەکانی تر و دووبارە گەشـــانەوەی کوردستان و گەیشـــتن بە کەناری ئارامی و سەربەخۆیی یەکجارەکی، دەیان پرۆژەی هونەری گەورەی لە چەشنی ئەوانەی باسیان دەکەی ئەنجام بدرێت.

# نیکۆڵ سابا لە پیر بوون دەترسێت

خانمە گۆرانیبێژ و ئەکتەری لوبنانی نیکۆڵ سابا رایگەیاند هەرچەندە سەرەتا زۆر دەترسا لە بینینی رۆڵی شەهرەزاد، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵنیابوو لە سەرکەوتنی لەو رۆڵەدا کە لە کاروانی هونەری خۆیدا بە ئەزموونێکی نوێ و پڕ بایەخی دەزانێت.

سەبارەت بە ژیانی هونەری و تایبەتی خۆی نیکۆڵ سابا لە دیمانەیەکدا دەڵێ: بەهیچ شێوەیەك رێگا نادەم هونەر ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی پەروەردە کردنی کچەکەم پشتگوێ بخەم، چونکە دەتوانم چۆن ژیانی تایبەتی و هونەری خۆم بگونجێنم، لە هەمان کاتدا هەست دەکەم ئەو پێگەیەی ئێستا هەمە بیپارێزم، هەرچەندە ئەمە لەسەر حیسابی ماندووبوونی جەستەیی خۆمە.

نیکۆڵ باس لە کەموکوڕییەکانی خۆی دەکات و دەڵێت: یەکێك لە خاڵە لاوازەکانم بریتییە لە ترسی بەردەوام، چونکە سەرکەوتن و ئەو پێگەیەی کە پێی گەیشتووم وام لێدەکەن هەمیشە هەست بە ترس بکەم، بەڵام ئەم ترسە زۆر جار وام لێدەکات لە لایەنی



# سەلمان خان ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار دەکات

فیلمی «Bajrangi Bhaijaan» کە لە پاڵەوانیەتی سەلمان خان»و ئەستێرەی ناوداری بۆلیۆد کارینا کاپور ـە و لە رۆژی یەکەمی جەژنی رەمەزانەوە نمایش کراوە. تا ئێستا ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کردووە کە دەگمەنە لە مێژووی بۆلیۆددا.

فیلمەکە لە کۆتایی مانگی رابردوودا زیاتر لە ٣٠٠ ملیار رۆبیەی هیندی کۆکردبۆوە و چاودێرانی سینەمایی پێشبینی دەکەن ئەم فیلمە ژمارە پێوانەییەکان بشکێنێت، چونکە لەرووی جەماوەرییەوە لە بەرزبوونەوەی بەردەوامدایە، ئەمەش بە حاڵەتێکی دەگمەن دادەنرێت بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە فیلمەکانی بۆلیۆدیش لە رووی جەماوەرییەوە لە پاشەکشێدان، هەروەها سەلمان خان رەخنەیەکی زۆری لە تیرۆریستی ناسراو یەعقوب خان گرتبوو، بەڵام ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئاستی جەماوەریی فیلمەکە نەبووە.

فیلمەکە لە دەرهێنانی ئەکبەر خانە وباس لە کچێکی پاکستانی کەڕ دەکات کە ون بووە و کوڕێکی هیندی هەوڵ دەدات یارمەتیی بدات بۆ ئەوەی خزم و کەسەکانی بدۆزێتەوە و باس لە پێوەندییەکانی نێوان هیندستان و پاکستان دەکات و رەخنەگرانی سینەما رایانگەیاندووە کە سەلمان خان و کارینا کاپوور لەو فیلمە باشترین رۆڵیان بینیوە لە مێژووی هونەری خۆیاندا کە لایەنی رۆمانسی و کۆمیدییان زۆر بە باشی تێکەڵ کردووە، هەروەها بە هەوڵێکی باشی دەزانن بۆ هێورکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و بە ئاشکرا رەخنە لە توندڕۆیی ئایینی لە هیندستان و پاکستان دەگرێت.





هونەرییەوە شتی نوێ و باشتر پێشکەش بکەم.
سەبارەت بە تەمەن و پیربوونیش نیکۆڵ دەڵێ: بێگومان من زۆر لە پیربوون دەترسم و هەر کەسێك پێچەوانەی ئەمە بڵێ راست ناکات، هەموو کەسێك بەتایبەتی هونەرمەندان زۆر لە پیری دەترسن و حەز ناکەن لە سەروسیمایان نیشانەی پیربوون ببینن، چونکە حەز دەکەن هەمیشـــە خۆشەویست بن لای جەماوەرەکەیان، من بۆ ئەوەی بەسەر ئەم ترسەدا زاڵ بم، هەوڵ دەدەم قەناعەت بە خۆم بکەم کە ئەمە ســـوننەتی ژیانە و ئەوەی بۆ من دەمینێتەوە تەنیا ئەوەیە کە خێزانێکم پێکهێناوە و منداڵم هەیە، ئەمەش قەرەبووی هەموو شـــتەکانی دیکەم دەکاتەوە کە لە ژیان لە دەستمداوە، یان لە کاتی پیربوون هەستیان پێ بکەم.

# ناومی کامبل بە شەش مانگ سزا دەدرێ

دوای چەندین دانیشـــتنی دادگا و هەوڵە بەردەوامەکانی پارێزەران بۆ ئەوەی ماوەی ســـزادانی ناومی کامبلی نمایشکاری جلوبەرگی بەریتانی دوابخرێت، بەڵام لە کۆتاییدا دادگایەکی بەرزی وڵاتی ئیتاڵیا بڕیاریدا بە زیندانی کردنی بۆ ماوەی شەش مانگ.
دادگاکـــە ناومی تەمەن ٤٥ ســـاڵی بە لێدانی وێنەگرێك ســـزادا کە بووە هۆی بریندارکردنـــی چاوی دوای ئەوەی بە جانتاکەی دەســـتی لێیدا کە دەیوســـت وێنەیەکی بگرێت لەگەڵ هاوڕێی پێشووتری ملیاردێری رووسی فلادیمیر دۆرنین لە ساڵی ٢٠٠٩ لە دوورگەی سیسیلیا.
دی جیوفانـــی کە وێنەگرێکی ئیتاڵییە لە ســـکاڵانامەکەیدا رایگەیاند کە پەرچە کرداری ناومی زۆر توند بوو کاتێك ویســـتی وێنەیەکی لەگەڵ دۆرنین بگرێت و بە هیچ شێوەیەك پێشبینی ئەم کاردانەوە بەهێزەی نەدەکرد، دەکرا گرفتەکە بەشـــێوەیەکی دیکە چارەســـەر بکرێت و نەگاتە ئەم ئاســـتە بۆیە زۆر کەسی پێوەندیدار بە مەسەلەکە هاوسۆز بوون لەگەڵ من.
لەلایەکی دیکەوە پارێزەرانی ناومی رایانگەیاند کە بەشـــێوەیەکی یاســـایی هەڵسوکەوت لەگەڵ حوکمەکـــە دەکـــەن و هەرچەندە ناومی حوکمەکەی قبوڵ کـــردووە، بەڵام تانەی لێدەدەن.
شایەنی وتنە ئەمە چەندین جارە ناومی ئەم جۆرە رەفتارە ناشیرینانە ئەنجام دەدات کە کاریگەرییەکی زۆریان کردۆتە ســـەر کەســـایەتییەکەی، بەجۆرێك هەندێك کەسی نزیك لە ناومی رێنماییان کردووە کە پێویستە چەند وانەیەك وەربگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆڵی خۆی لە دەست نەدات و تورە نەبێت.



## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (رووەو چیا، بەرەو شۆڕش)



دەبوو ئـــەو رۆژە بۆ کاروباری یەکێتی لاوانی کوردســـتان کە بەرپرســـێتی لقەکەیان لە ئەستۆم نابوو، سەردانی بارەگای لقی (٤)ی پارتیمان لە گوندی (هەرگێتە) بکەم.

رۆژەکـــەی تەم و مژاوی و باران بوو، بەرەو گوندەکە بەڕێکەوتم، هەســـتم کرد بەرەبەرە رووی ئاســـمان تەڵخ و تـــار ئەبێ، لە دڵی خۆمدا وتم: بە خوا بەو نیشـــانەیەی شەوێدا، کە لە مانگم روانی خەرمانەی دابوو، ئەیکاتە بەفر بارین. ئەوە قســـەی پێشینان بوو، دیارە هەر شتەو لە ئەزموونێکەوە وەریانگرتووە. پاش سەرقاڵبوونم بە کارەکەمەوە ئەو شـــتەم لە بیر چووبوو. کاتێکیش ویستم بگەڕێمەوە کات خـــۆی لە وادەی عەســـر دابوو، لە زستانیشـــدا هەر کە گەیشتیتە پاش نیوەڕۆ، بەتایبەتی لەو ناوچە چیاییانەدا دنیا تاریك دادێ. لە پڕا ئۆتۆمبێلێکی جێب پەیدا بوو. کابرایەکی تەنگ ئەســـتوورەی رەزاگرانە هێرشـــی برد و خۆی خزاندە پێشـــی جێبەکە، کابرایەکی ئەوتۆ بەدڕەفتار بوو، خەڵکی بە گومانەوە لێیان ئەڕوانی. هیچی لە بارا نەبوو، کاتێکیش کە رادەبورد، ناز و نوزی بە سەر عەردەکەدا ئەکرد.

هەرچەندە سەرم هێنا و ســـەرم برد، نەمتوانی خۆم قایل بکەم لە پشـــتە جێبەکەدا و لـــە دوای گەڵوگیپاڵی ئەوەوە ســـوار بم، هاتمە دواوە، هەڤاڵـــێ لە حاڵەکەم گەیی، بۆیە لێمی پرسی: ئەرێ چۆن لەو زەلامە دەگەی؟

: ئەوە تەنها بۆدی بێ مەکینەیە و هیچی تر.

بە هەر حاڵ جێبەکە بە ســـیخناخی کەوتەڕێ و ئەوسا زانیم ئەوە دواپین ئۆتۆمبێلی گەیاندنی ئەو رۆژە بووە.

ناچار ملی رێگام گرت و بەپێ کەوتمە هەنگاوی گەورە و بە گوڕ، جووتێ پێڵاوی توکمەم لە پێدا بوو، کە پێشـــتر پۆستاڵی ئەمەریکی بوو، پێڵاودروو کورتیانی کردبووەوە.

بەفربارین لە پروشـــە بە دەرچـــوو، کەوتە بەفری کڵۆ کڵۆ و بینینیش کز بوو، بـــەرەو کورتهێنان ئەچوو. وتم: ئەگەر وابڕوا، ئەوا هەر ناگەمەوە، باشە بۆ قەدبڕی نەکەم و بە قەد ئەو باڵەدا هەڵنەگەڕێم؟ لەگەڵ هەر بســـتۆکە هەڵگەڕانێکا دارستانەکە چڕتر و پڕتر ئەبوو. هەر رۆیشـــتم و هەر یاڵە و یاڵم کرد و هیچ هەستم بە نزیکبوونەوەی گوندەکەم نەکرد، هەرچوار دەورم تاریـــك و نوتەك، بەفر ببووە بەرگی دار و بەرد و ئاسمان، رەنگی رەش و جاروبارە تەڵزمێکی سپی بوو...

لوورە لوور لە دوور ئەهات، ناسیمەوە ئەوە لوورە لووری گورگە و گورگیش بە گەل رەو ئەکەن.

# شەوە تووشەکە و بەفر و لوورە لوور

## (١٣)

ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

وتم: باشە بۆ هەر نەبێ دەمانچەکەم نەبەست، یان برنەوەکەم بۆ نەهێنا، ئەوەم بە بیرا ئەهات کە جاران ئەیانگوت: (ئەگەر چوویتە گەشت، چەرخ و قەڵەمبرت بیر نەچێ).

ئەوا لوورە لووری گەلە گورگە و بازنەی دانگ و دەنگدانەوەی لە هەر چوار لایەوە نزیك ئەبێتەوە، منیش لەم دەمی زریانی دۆزەخ دەیجور و نەهاتییەدا گیرم خواردووە. هەرچەندە سەرئەکەوتم بە ئومێدی بینینەوەی چرای ئاوایی، بەڵام نەك ئاوەدانی، بگرە بەرپێی خۆم بە چاکی نەئەبینی، بۆیە هەر تاوە ناتاوێ، هەڵئەتووتیم و پێیەکانم تێك ئەئاڵا و سەرسمم ئەبرد و خۆم بە لق و چڵی درەختەکان ئەگرتەوە.... نایشارمەوە لەگەڵ زیادبوونی لوورە لوور و نزیکبوونەوەی ترس دایگرتم، ناچار مام کەوتمە پەلکوتان بۆ لقەدارەکان و لە یەکێکیان نەویم و لاقێکم لە دارەکە گیر کردبوو و ئەوی دیکەم لە زەوییەکە، ئەو سەردەمەش هێشتا وەکو هێزی گوڕی رۆژانی ئاسنبازیم مابوو، لقەکەم هێنایە خوارەوە و توند بە دەستمەوە گرت و چەند تاریکییەك خەستتر ئەبووەوە، پتر چاوم ئەکردەوە. شەوگار کردی و من هەزار و یەك سەر بوردە و خەیاڵاتی مەرگ و گورگان خواردوویی بە مێشکما ئەهات و ئەچوو. لە لایەکەوە شەکەتی هەڵزنان و هەڵگەڕان و لەو لاشەوە برسێتی، چونکە کاتی ژەمی نانی نیوەڕۆ هەرچەندیان لێکردم، وتم: نانم پێناخورێ. بەیانییەکەی کۆلێرە بە رۆنێکی پەنجەکێشیم بە ماست و چای شیرینەوە خواردبوو.

لە بیر ئەوەدا بووم، ئەگەر بکرێ وچانێکی بۆ بدەم، بەڵام چۆن چۆنی؟! ئەمجارە هەستم کرد گەیشتوومەتە تروپکی دارستانەکە و گوێم هەڵخست بە حاڵ دەنگی خوێندنی کەڵەباب لە گوێما ئەزرنگایەوە. زانیم شەوگار بە رووی رۆژێکی نوێدا شکاوەتەوە، جاروبار زریانەکە دەنگی سەگوەڕی بە گوێما ئەدا، خوا شایەت، چونکە دەنگی ئاوەدانی و دڵنیایی لێئەهات، ببووە ئەو ئاواز و سۆزەی دڵ و دەروونی ئەلاوانم.

ئیدی رێگاکەم سەرەو خوار بوو. جاروبار ئەخلیسکام، بەڵام بە دار و دەوەن و ئەملا و ئەولا خۆم ئەگرتەوە. چەند سەرکەوتن ماندووت ئەکات، هاتنە خوارەوەش لەو کەمتر نییە. رەنگە پتر بە ئاگابوون و وریایی گەرەك بێ، بۆنی دووکەڵی زۆپای ماڵەکان هەستێکی خۆشبەخش بوو، لەگەڵ هەر هەنگاوە نزیکبوونەوەیەکدا، ئەو پەندە جوانەی پێشینانم بە بیر ئەهاتەوە (هەر عەقڵە و لە خەسارێ)، ئەوا خوا کردی ئەمجارەیان بە گورگانخواردوویی نەچووم، بەڵێن بێ بۆ جارێکی تر هەموو حیساباتێکی ورد و درشت بۆ گەشت بکەم. جموجۆڵ کەوتبووە ناو ئاوایی. روانیم لە گۆڕستانەکەوە ئاگرێکی گەورە دیار بوو، ویستم سەرەتا روو لەوێ بکەم، بەڵام لەبەردەم مزگەوتەکە یەکێك لە ئەندامانی گرووپەکەمانم بینی، لێم پرسی: ئەوە خێرە؟

: ئەمشەو تەرمی شەهیدانیان هێناوەتەوە، لە هەیوانی مزگەوتەکە دانراون، برادەرانیشمان لە بانگی بەیانییەوە خەریکی گۆڕ هەڵکەندنن، منیش لەوێ بووم. ئەی تۆ بۆ وا شەکەت و ماندوو دیاری و گشت ئازای ئەندامت ئاوی لێ ئەچۆڕێ؟

: دوایی بۆتان ئەگێڕمەوە، جارێ زۆرم برسییە و گەلێکیش سەرمامە، بابچم لای نانەواخانەکە دوو کۆلێرەی پەنجەکێشی وەربگرم و بچمە چایخانەکەی (تۆفیق)، بە ماست و چای شیرینەوە بیخۆم و خۆم بە گڕی زۆپاکە وشك بکەمەوە.

هەر لە دەرگای نانەواخانەکە (عوسمان رەحمان) واتە(حەسکۆ) ئەندامی ئێمە بوو، بەڵام پێویستی بەوە بوو نانەواییش بکات، چاك و چۆنیم لەگەڵ کرد، بە حەپەسانەوە سەیری کردم.

: وەرە ژوورەوە ئەوە چیت بەسەر هاتەوە؟ بەسەر چاو ئەوە کولێرەیەکی هەرە دەبڵێ جوانت بۆ ئەکەم. تۆ جارێ وەرە ژوورەوە، هەتا کۆلێرەکەت ئەبرژێ، وەرە نزیك کوورەکەوە با کەمێك گەرمت بێتەوە.

چەند ساتە ئاهێکم پیا هاتەوە، کولێرەکەم نایە باخەڵمەوە و خۆم کرد بە چایخانەکەدا، لەوە ئەچوو یەکەم کەس بووبم، کاسەیەك ماستی بەسەر توێژی لەگەڵ چایەکی شیرینی بۆ دانام، کورسییەکەم خستە بەردەم زۆپاکە و پشتم لێکرد و کەوتمە نانخواردن. داوای کاسەیەکی تری ماستم کرد، چونکە زۆر ژەمبوردە بووم، ئەوسا دوو دیژلەمەشم بەسەرا کرد، بووژامەوە و کەمێك لە زۆپاکە دوور کەوتمەوە و تەواو گەرمم بوویەوە، ئیدی پێڵوەکانم قورس بوون و خەو دایگرتم، ئەوە خەوتووم، بەڵام گوێم لە ئاخافتنی برادەرەکانم بوو: هەرگیز بەو شێوەیە نەماندیوە!

: تۆ بڵێی چی بەسەر هاتبێ؟

: با پاڵ بەو سندوقە باتەوە.

:ئا.. خیری ئیمانت ئەو پاڵتۆیەی پیا دە.

: نەخۆش نەبێ باشە.. لێی گەڕێن با جارێ لێرە بێ.

دەنگ نەما و جارێکی دیکە ئەوەی شەوێم بە خەون ئەدییەوە لوورەلوور و کرێوە و بەفری کلۆکلۆ.